# راپۆرتی

## لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی خەڵکی ناوچەی ڕۆژئاوای موسڵ

## (ئۆفیسی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان)

## سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
## لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکان لە ناوچەی ئەسکی موسڵ
## 2020 Updated

## شێوازی لێکۆڵینەوە

لیژنەی دۆزینەوەی راستییەکان کە بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێکهاتووە تایبەت بە ناوچە تازە ئازادکراوەکان، لە بەردەوامی کارەکانیدا بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە راستییەکان لەو ناوچانەی شەڕ تێیاندا روویداوە و لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە رەوشی خەڵکی ئەم ناوچانە و خستنەڕووی پێداویستی و داواکارییەکانیان، لەسەر داوای ژمارەیەک شێخ و سەرۆک هۆزی رۆژئاوای موسڵ، رۆژی چوارشەممە رێکەوتی 2017/5/24 لیژنەکە سەردانی گوندی (ئەسکی موسڵ)ی کرد و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە میدیای کوردستانی و عەرەبی و جیهانی چاوی کەوت بە شێخ و سەرۆک هۆزانی ناوچەکە و کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی لەگەڵیان ئەنجامدا.

لیژنەی دۆزینەوەی راستییەکان پێکهاتبوو لە سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجوومەنی وەزیران و ئەندامانی سکرتاریەت و نوێنەری ئاسایشی گشتی، هەروەها بەرپرسی پۆلیس و ئاسایش و ژمارەیەک فەرماندەی سەربازی ناوچەکە ئامادە بوون، لە هەمان کاتدا  لیژنەکە سەردانی لیوا عەزیز وەیسی بەرپرسی میحوەری بەنداوی موسڵی کرد بۆ ئاگادار بوون لە رەوشی ناوچەکە لە رووی سەربازییەوە.

## یەکەم/ بارودۆخی ئەمنی ناوچەکە

### بەرپرسی میحوەری بەنداوی موسڵ:

دوای ئەوەی بە هیممەتی پێشمەرگە و هاوکاری هێزی هاوپەیمانان توانرا مەترسی تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکە دوور بخرێتەوە، ئێستا ناوچەکە ئارامە لە رووی سەربازییەوە و هێزە ئەمنییەکان هەماهەنگییەکی تەواویان لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە هەیە و ئێستا ناوچەکە لە هەموو روویەکەوە سەقامگیرە.

هەرچەندە ئەو رێوشوێنانەی لایەنە ئەمنییەکانی ناوچەکە دەیگرنە بەر مەبەستی پاراستنی سەقامگیری ناوچەکەیە لەرووی ئەمنییەوە، هەروەها بۆ پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیانی ناوچەکەیە بە هەموو پێکهاتەکانەوە، بەڵام هەندێک جار عەرەبەکانی دانیشتووی ناوچەکە گلەیی ئەوەیان دەکرد کە لە بازگەکان گرفتیان بۆ درووست دەکرێت و جیاوازی دەکرێت لە نێوان پێکهاتەکانی ناوچەکەدا، بۆ ئەم مەبەستەش هەفتەی رابردوو جەنابی سەرۆک بارزانی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەرپرسانی پۆلیس و ئاسایشی ناوچەکە ئەنجامدا و یەکێک لە بڕیارە گرنگەکانی کۆبوونەوەکە ئاسانکاری بوو بۆ هاتوچۆی هاووڵاتیانی ناوچەکە، تەنانەت بڕیار درا هەندێک لەخەڵکی ناوچەکە کە ئێستا لە موسڵن دەتوانن بگەڕێنەوە بەپێی رێنمایی

و ڕێوشوێنی تایبەت و بە هیچ شێوەیەک ناکرێ ڕێگری لە هاتوچۆی هاووڵاتیان بگیرێ بەتایبەتی ئەوانەی کە بێتاوانن و بە تۆمەتی هاوکاری و هەماهەنگی داعش تێنەگلاون و تاوانیان دژی خەڵکی ناوچەکە ئەنجام نەداوە .

## دووەم/ داواکارییەکانی خەڵکی ناوچەکە

### شێخ ئەحمەد بەدر جومعە:

ئێمە هەمیشە پاڵپشتی و پشتیوانی خۆمان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕیوە و بە خوێن بۆ سەرۆک بارزانی مۆرمان کردووە، بەڵام تا ئێستا بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێمە لە کەمپەکانن و شوێنی نیشتەجێ بوونیان باش نییە و ئەگەرچی بەشێکیان تەنیا (٤) کیلۆمەتر لە ناوچەکانی خۆیان دوورن، بەڵام ڕێگایان پێنادرێت بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان، ئێمە دڵنیاین کە کەسانی پاک و بێتاوان دەگەڕێنەوە و ئەوانەی کە دەستیان لە تیرۆر و تاوان هەبووە ناگەڕێنەوە.

هەروەها نزیکەی (٢٠٠٠) دۆنم لە زەوییەکانمان دەستی بەسەرداگیراوە لەلایەن کەسانێکەوە کە بە نیازن بەرهەمەکانی ئەم ساڵیش بدوورنەوە، جگە لەو زەوییانە خانووەکانیشمان ئیستغلال کراوە بۆ مەبەستی تایبەتی و شەخصی لەلایەن چەند کەسێکەوە.

بۆیە بەپێویستی دەزانین کە لێژنەیەک پێک بهێندرێت لە سەرۆک هۆزەکان و ئاسایش و موختار و مەلای گوند بۆ چۆنیەتی گەڕاندنەوەیان و ئێمەش وەک سەرۆک هۆز لەلایەن خۆمانەوە بەرپرسین لە خەڵکی خۆمان و کەفالەتیان دەکەین لە بەرامبەر هەر هەڵەیەک کە ڕووبدات، بەڵام پێویستە ئالیەتێک بدۆزرێتەوە بۆ گەڕانەوەمان، هەروەها داوا دەکەین لیژنەیەکی تایبەت دابنرێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی خەڵکی ناوچە تازە ئازادکراوەکان بەتایبەتی لە ڕەبیعە و زوممار لەوانەش کێشەی ئەو خانوو زەوییانەی دەستیان بەسەرداگیراوە و گێڕانەوەیان بۆ خاوەنەکانیان کە موڵکی خۆیانە، هەروەها پەلە بکرێت لە گێڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر زێدی خۆیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە.

### شێخ صباح عەبدولموحسن عەبد ڕەبو:

ئێمە لە ناوچەی ئەسکی موسڵ هەماهەنگییەکی تەواومان لەگەڵ لایەنە ئەمنییەکانی ناوچەکە هەیە و هاوکاریمان دەکەن بەپێی توانای خۆیان، هاتنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بۆ موسڵ هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر پێکهاتەی سوننە، چونکە بۆ مەبەستی تێکدان هاتوون نەک ئازاد کردنی ناوچەکە، بۆیە داوا لە سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکەن کە ناوچەکەمان بپارێزێت لە دەستدرێژی ئەم میلیشیانە.

### شێخ محمد الطائی سەرۆکی هۆزی طەی:

دامودەزگا ئەمنییەکان تا رادەیەکی زۆر هاوکاریمان دەکەن، بەڵام هەست دەکەین لە ناوچەکەمان بە جۆرێک لە جۆرەکان جیاوازی دەکرێ لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان بەتایبەتی ئاستەنگ بۆ عەرەبەکان درووست دەکرێ لە زۆر رووەوە بە بەراورد لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی ناوچەکە.

لە گوندەکانی (خراب التبن، تل الفرس و خراب العاشق) نزیکەی (٢٠٠) خانەوادە هەیە کە ئێستا لە کەمپەکاندا دەژین و بارودۆخیان زۆر سەخت و نالەبارە، هیواداریین حکومەتی هەرێم هاوکاریمان بکات بۆ گێڕانەوەیان بۆ سەر زێدی خۆیان، چونکە ئێستا لە ناوچەی شەڕ دوورن.

هەروەها بەشێک لە کەسوکارمان لە موسڵ گیریان خوارد بوو و داعش رێگای نەدەدا ئەوانە بگەڕێنەوە، بەڵام دوای ئازادکردنەوەی بەشێکی زۆری موسڵ ئێستا دەرفەتی گەڕانەوەیان هەیە، بۆیە داواکارین لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم کە رێگایان پێ بدەن بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و ئێمەی شێخ و موختاری ئەو ناوچانە کەفالەتیان دەکەین کە هیچ پەیوەندییان بە داعشەوە نییە، هەروەها بەڵێن دەدەین هەر کاتێک سەلمێنرا کە ئەمانە بە هەر شێوەیەک بێت پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە ئەوا لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بۆی هەیە بەپێی یاسا پەیڕەو کراوەکانی هەرێم مامەڵەیان لەگەڵدا بکات بۆ ئەوەی سزای خۆیان وەربگرن.

**شێخ موسا زاهر عبدالله:**

ئێمە کێشە و گرفتمان زۆرە داواکارییەکانی ئێمە جێبەجێ ناکرێن و هاوکاریمان ناکەن کەچی کەسانی زۆر ئاست نزم هەن گشت داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکرێت و هیچ گرفتیان نییە، ئێمە پشتگیری و پاڵپشتی حکومەتی هەرێم و سەرۆک بارزانین و بە تاکە پاڵپشت و مەرجەعی خۆمان دەزانین، لەبەر خەڵکی ناوچەکەین و ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەم ناوچەیەین، بۆیە حەز دەکەین رۆڵمان هەبێت لە دروووستکردنی بڕیار لەو ناوچەیە بۆ ئەوەی ئێمەش هەست بە ئینتیمای خۆمان بکەین بۆ کوردستان.

زۆر لە خەڵکی ئێمە لەسەر زێدی خۆیان ئاوارە بوون و ئێستا لە رەوشێکی زۆر نالەبار و خراپدا دەژین، هیواداریین حکومەتی هەرێم هاوکاری زیاتریان بکات و ئەوانەی ناوچەکانیان گونجاوە بۆ ژیان رێگایان پێ بدەن بگەڕێنەوە سەرزێدی خۆیان، هەروەها داوامان کرد کە لیوایەکی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە لە خەڵکی ئەم ناوچەیە دابمەزرێ، زۆر سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین کە ئێستا ئەم لیوایە دامەزراوە بۆ بەرگری کردن لە ناوچەکانی خۆمان.

**شێخ مشعان حەدیدی**

گوندەکانمان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ئازاد کراون و هیچ گرفتێکیان نییە، بۆیە حەز دەکەین ئەو خەڵکەی ئێمە کە ئاوارە بوون بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و دووبارە ناوچەکەمان ئاوەدان بکرێتەوە، هەروەها لە بازگەکانیشدا گرفتمان بۆ

درووست دەكرێ و جیاوازییەكی زۆر دەكرێ لە نێوان پێكهاتەكاندا، بۆیە هیوادارم بە یەكسانی و بەبێ جیاوازی لە خەڵكی ناوچەكە بڕوانرێ.

داوا دەكەین بەشێوەیەكی یەكسان مامەڵەمان لەگەڵدا بكرێ بەتایبەتی لە بازگەكان، چونكە ئەو ڕووداوانەی لە ناوچەكەمان ڕوویاندا ئێمە هەموومان دژی بووین، بۆیە خۆمان داوا دەكەین هەر كەسێک پەیوەندی بە داعشەوە هەبێت یان زانیارییان پێ بدات پێویستە بەگوێرەی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بكرێ و بدرێتە دادگا، بەڵام ناكرێ هەموو خەڵكی ناوچەكە بە هۆی هەڵە و تاوانی چەند كەسێكەوە ببنە قوربانی.

**<u>(شێخ مظهر علی مدالله خضیر شێخی هۆزی سلاحی)</u>**

داواكاری سەرەكیمان گەڕانەوەمانە بۆ شوێن و گوندەكانی خۆمان، گوندەكانی (سەهلەج و عین مانع) لە ناحیەی زوممار كە نزیكەی 185 ماڵ دەبێت ئێستا لە ئاسكی موسڵ نیشتەجێین هەرچەندە گوندەكە چۆڵە و تێک نەدراوە، بەڵام ڕێگە نادرێت بگەڕێینەوە بۆ شوێنی خۆمان بۆ ئەوەی دووبارە ئاوەدان بكرێتەوە.

**<u>(شێخ أحمد مزاحم الحویت سەرۆكی هۆزی جحێش)</u>**

ئێمە داوامان كردووە كە لایەنە ئەمنییەكان بەگوێرەی یاسا ڕەفتار لەگەڵ تیرۆریستان و ئەو كەسانەش بكەن كە هاوكارییان دەكەن و پێشتر یارمەتی داعشیان دا بۆ كۆنترۆڵكردنی ناوچەكە، هەروەها داوامان كردووە زەوییەكانی ئەو كەسانەی كە پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە و ئێستا جێیان هێشتووە و دەستیان هەبووە لە كوشتنی خەڵک، ئەو زەویانە بدرێتە خانەوادەی شەهیدەكان.

## سێیەم/ هەڵوێستی حكومەتی هەرێمی كوردستان سەبارەت بەو ناوچانە

**د.دیندار زێباری:** حكومەتی هەرێمی كوردستان هەمیشە هەوڵیداوە تەبایی و پێكەوەژیانی نێوان پێكهاتە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەكانی ناوچەكە بپارێزێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێوشوێنی تایبەتی دەگرێتە بەر لەو ناوچەیە بەهۆی هەستیاری ناوچەكە و هەوڵەكانی تیرۆریستان بۆ گەیشتن بە ناوچەكە، مەبەستی سەرەكی لەم ڕێوشوێنانە پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیان و ئارامی ناوچەكەی.

حكومەتی هەرێم هەوڵ ستایشی ئەو شێخ و سەرۆک هۆزانەی ناوچەكە دەكات كە ڕۆڵیان هەبوو لە ئازاد كردنەوەی ناوچەكانیان و ڕووبەڕووی تیرۆریستان داعش بوونەوە و ئەو ڕۆڵەیان بەرز دەنرخێنێ، ئێستاش ناوچەكە پێی ناوەتە قۆناغێكی دیكە كە ئەویش قۆناغی دووبارە ئاوەدانكردنەوەیەتی بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵەكانی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بە هاوكار و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەكانەوە دەست بكرێت بە ئاوەدانكردنەوەی ناوچەكە و گەیاندنی

خزمەتگوزارییە سەرەکی و پێویستەکانی ژیان بۆ خەڵکی ناوچەکە وەک ئاو و کارەبا و پاککردنەوەی ناوچەکە لەو مین و تەقەمەنیانەی کە داعش لە دوای خۆی جێی هێشتوون، چونکە ئەو شەڕ و وێرانییەی روویداوە ژێرخانی ناوچەکەی بە یەکجاری خاپوور کردووە و لە ئێستادا بە هۆی قەیرانی دارایی و بڕینی بودجە و موچە لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵەوە، حکومەتی هەرێم ناتوانێت بە تەنیا ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە لە ئەستۆ بگرێ، هەرچەندە تا ئێستا بەپێی ئیمکانیاتی خۆی درێغی نەکردووە لە هاوکاری کردنی خەڵکی دەڤەرەکە بەتایبەتی دوای ئەوەی ناچاربوون شوێنی خۆیان جێبهێڵن و روویان لە هەرێمی کوردستان کرد.

ئێمە چەندین جار داوامان لە لایەنە نێودەوڵەتییەکان و کونسوڵخانەی وڵاتان لە هەرێم کردووە کە بێن سەردانی ئەم ناوچانە بکەن و بە چاوی خۆیان ئەو وێرانکارییە ببینن کە داعش لە دوای خۆی جێیهێشتووە و لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشی خەڵکی ئەم ناوچانە بن، بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە دوای نەمانی داعش و گێڕانەوەی خەڵک بۆ سەر زێدی خۆیان، چونکە ئەوەی تێبینیمان کردووە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تەنها باس لە سەنتەری موسڵ دەکات و ناوچەکانی دەورووبەری و ئەو ئێش و ئازارەی لە دەستی داعش چەشتوویانە فەرامۆش دەکات.

دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئاسانکردنی پاراستنی ناوچەکە لەرووی ئەمنییەوە، هەروەها لە رووی ئابووری و ژێرخانیشەوە گەشەسەندنی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت و بێکاری نامینێت و رێکخراوە تیرۆریستییەکان کاریگەرییان لەسەر خەڵکی ناوچەکە کەم دەبێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی گیانی تەبایی و برایەتی بگەڕێتەوە نێوپێکهاتەکانی ناوچەکە.

حکومەتی هەرێم هەوڵ دەدات کە گیانی تۆڵەسەندنەوە کاریگەری لەسەر پێکهاتەکانی ناوچەکە نەمینێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەندێک لە دانیشتوانی ناوچەکە هاوکاری و هەماهەنگییان لەگەڵ داعش هەبوو بۆ داگیرکردنی ناوچەکە تەنانەت دەستیان لەو تاوانە قێزەونانەدا هەبووە کە دەرهەق بە پێکهاتەکانی ناوچەکە و گەلی ئێمە ئەنجامدراون، بەتایبەتی ئەو کارەساتانەی بەرامبەر بە کوردانی ئێزیدا ئەنجامدراون کە دەیان ساڵە وەک دراوسێ بە ئازادی پێکەوە دەژین لەو ناوچەیە. پێویستە گشت پێکهاتە جیاوازەکانی هاوکاری حکومەت بکەن و هەماهەنگییان لەگەڵ لایەنە ئەمنییەکاندا هەبێت. هەمیشە هەرێمی کوردستان تاکە لایەن بووە پرسی شەراکەتی راستەقینە و هاوبەشی نێوان پێکهاتەکان بەشداری هەموو لایەکی کردۆتە دروشمی سەرەکی خۆی، بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان کەسانێکی دڵسۆز لە رۆڵەی ئەو عەشیرەتانەی بەخوێن و گیانیان بەرگریان لەو ناوچانە کرد و ئەوانەی کە هاوکاری داعشیان کرد و بوونە رێخۆشکەر بۆ داگیرکردنی ناوچەکانیان.